





# تیپی کچانی یانەی ئەکاد لەپاڵەوانیەتی ئەم دواییەدا وەک پێویست نەبوون

هەفتەی ڕابردوو لەشـــاری شـــاریقە-ی ئیمارات پاڵەوانێتی یانەکانی عەرەبی بۆ یارییەکانی تۆپی باڵەو باسکە و هاویشـــتنی تیرکەوان و گۆڕەپان و مەیدان و چەند یارییەکی تـــر بەڕێوەچوو، کە تیایدا یانەی ئەکاد لەهەردوو ڕکابەری تۆپی باڵەو باســـکە نوێنەری عێراق بوو، دوای ئەوەی توانی لەوەرزی ڕابردوو لەهەردوو ڕکابەری پلەی یەکەم لەســـەر ئاستی عێراق بەدەستبهێنێت، بەڵام کچانی یانەی ئەکاد لەم پاڵەوانێتیە ئەنجامەکانیان وەکو پێویست نەبوو، ئەویش بۆ کەم ئەزموونی یاریزانەکان و نەبوونی ئۆردوگای مەشقی و یاری دۆستانە دەگەڕێتەوە.

تیپی تۆپی باڵەی ئەکاد پلەی پێنجەمی بەدەستهێنا

لەپاڵەوانێتی تۆپی باڵەی یانەکانی عەرەبی لەشـــاری شاریقەی ئیماراتی یانەی ئەکاد توانی پلەی پێنجەم لەسەر ئاستی ئەم پاڵەوانێتیە لەکۆی هەشت یانە بەدەستبهێنێت، هەرچەندە یانەکە لەکۆمەڵەی دووەم شانبەشانی یانەکانی (ئۆڵۆمپـــی ئوردنی – مەحرق بەحرێنی – عەجمان ئیمارات – ئەکاد) یاری کرد، ئەنجامەکانی یانەی ئەکاد لەم کۆمەڵەی بەمشێوەیە بوو.

ئەکاد – مەحرق بەحرێن سفر-٣ گێم

ئەکاد – عەجمان ئیمارات ١-٣ گێم

ئەکاد – ئۆڵۆمپی ئوردن ٣-٢گێم

یاری دەستنیشان کردنی پلەی پێنجەم و شەشەم

ئەکاد – فەتات یەمەن ٣-سفرگێم

سەبارەت بەم ئەنجامە ڕاهێنەری یانەی ئەکاد مونیر ئیسحاق گوتی: لەم پاڵەوانێتیە تا ڕادەیەك توانیمان ئاستێکی باش پێشـــکەش بکەین، بەڵام لەیەکەم یاری پاڵەوانێتیەکەدا دوو یاریزانی ســـەرەکی تیپەکەم تووشی پێکان هاتن ئەویش هەریەکە لەیاریزانان دالیدا و یاریزانی پیشـــەگەری ئێرانی ئەمەش کاریگەی تەواوی لەســـەر یاریزانەکان هەبوو و هەروەها ئەم هۆڵە کە یاریمان لەســـەر ئەنجام دەدا تەختە بوو بۆ ئێمەش یەکەم جارە لەســـەر یاریگایەکی تەختە یاری دەکەین.

تیپی تۆپی باسکەی ئەکاد ماڵئاوایی کرد

لەپاڵەوانێتی باسکەی یانەکانی عەرەبی، ٩ یانە بەشداری لەم پاڵەوانێتیە کرد بەسەر دوو کۆمەڵە دابەش کران، یانەی ئەکاد لەکۆمەڵەی دووەم شانبەشـــانی یانەکانی (شـــارقە ئیمارات، وەحدە سوریا، فەتات کوەێت، قودس فەڵەستین) یاری کرد، ئەنجامەکانی لەم پاڵەوانێتیە بەمشێوەیە بوو.

ئەکاد – وەحدە سوریا ٤٤-٧٠ خاڵ.

ئەکاد – قودس فەڵەستین ٨٦-٤٠ خاڵ.

ئەکاد – فەتات کوەێت ٦٦-٦٩ خاڵ.

ئەکاد – شارقە ئیمارات ٦٧-٩٥ خاڵ.





## سامح ڕۆستەم گۆڵکاری کوردستان و یاریزانی یانەی زاخۆ:

# خولی عێراق بەهێزترە چونکە یاریزانی پیشەگەری تێدایە

دیمانە: کارزان کانەبی

**سامح ڕۆستم یاریزانی نوێی یانەی زاخۆ لەیەکەم دیمانەی لەدوای جێهێشتنی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بۆ گۆڤاری گوڵان هاتە گفتوگۆکردن، ناوبراو لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٠ی شاری سلێمانیە و لەکەلار ژیاوە، دەرچووی کۆلیژی ئادابی بەشی ئینگلیزیە و بۆ دووساڵ گۆڵکاری کوردستان بووە، ئەمساڵیش بەگرێبەستێکی گرانبەها پێوەندی بەیانەی زاخۆ کردووە و لەیەکەم دیمانەشی ئاماژەی بەچەند لایەنیکی خۆی کرد.**

*** ئاستی ئەمساڵی خولی کوردستان چۆن دەبینی؟**

- وەکو ســاڵانی تر ئاستی ئەمساڵیش دیارە کە یانەکان ئاستیان بەرزە، یانەکانــی بەشــداربووی خولەکەش هەوڵی ئــەوە دەدەن بگەنە لوتکەی یانەکان، هەر لەسەرەتای خولەکەوە دیاربوو ململانێی بەهێز لەنێوان تیپەکان دا هەبوو.

*** پێشبینی چی دەکەی بۆئەنجامی یانەی زاخۆ لەم وەرزە؟**

- هیــوای ئەوەمان هەیە ئەنجاممان هەبێــت، بەڵام یانەکەمان تیپێکی باشی هەیە و یاریزانەکانمان هەمووی بەیەك ڕوح یاری دەکەن، پێشبینی ئەنجامــی باش دەکەم لەیانەی زاخۆ، ئێمەش هەموو هەوڵێکمان دەخەینە گەڕ بۆئەنجامی بەرچاو.

*** چۆن بوو پێوەندیت بەیانەی زاخۆ کرد؟**

- یانەی زاخۆ زۆر دەمێکــە پێمیان دەگوت بۆئەوەی بچمە یانەکەیان، منیش بەخۆشــحاڵیەوە یانەی زاخۆم قبوڵ کرد، پێم خۆش بوو خزمەتی ئەو شارە بکەم.

*** کێشەی نەبوونی ناسنامەو ڕەگەزنامەت چارەسەر بوو؟**

- بەڵێ کێشــەکانم بەکۆتایی هات و ئێستا هەردووکم بۆدەرهات.

*** جێهێشتنی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی دڵگرانی نەکردی؟**

- ئــەوەی ڕاســتی بێــت بیری یاریزانــەکان دەکــەم، مــاوەی دووســاڵ بەیەکــەوە بووین، کاتێکی خۆشم لەو یانەیە بەسەر برد.

*** لەیانەکانــی تــر پێوەندیت پێوەکرا بوو بۆیاری کردن؟**

- بەڵێ لەهەریەك لەیانەکانی دهۆك و زەوراو شورتە داویان لێ کردم یارییان بۆبکەم.

*** لەهەردوو خولی کوردستان و عێراق یاری دەکەی کامیان بەهێزترە؟**

- خولــی عێراق بەهێزترە، چونکە یاریزانی بەتوانای زۆری تێدایە و یاریزانی پیشەگەریش لەڕیزی یانەکان هەیە.

*** لەهەڵبژاردەی عێراق داوای کرابووی؟**

- بەڵێ، بەڵام ئەوکات کێشــەی ڕەگەزنامە و ناســنامەم هەبوو نەمتوانی لەگەڵیان بەشداربم.

*** بۆچی نەچوویتە یانەی عەجمانی عومانی کە دوای تۆیان کردبوو؟**

- یانەی پێشمەرگە ڕێگەیان نەدا بچمە ئەو یانەیە.

*** بەڵێن دەدەی ئەمساڵیش ببیتە گۆڵکاری خولەکان؟**

- بەدڵنیاییــەوە چیم پێ بکری ئەنجامی دەدەم، ئەوەش هیوای منــە بۆئەوەی ببمــە گۆڵکاری کوردســتان و عێراق.

*** چی بەهاندەرانی یانەی زاخۆ دەڵێی؟**

- دوایان لێ دەکەم زیاتر منیان خۆشبووێت.

*** هاندەرانی زاخۆ لەگەڵت چۆنن؟**

- زۆر ڕێزم دەگرن، بەڵێنیان پێ دەدەم لەخزمەتیانبم.

*** ئەگــەر شتێکت ماوە لەکۆتاییدا؟**

-تەنیــا خۆشەویســتم بۆئێوە هەیە، بەهیوای ئــەوەم زیاتر خزمەتی وەرزشــوانان لەشــارەکانی کوردســتان بکــەن، ئەرکی خۆشتان جێبەجێ کردووە.



## ئەلێگری: ئێستا شوێنگرەوەی زلاتانم دۆزیەوە



ماسیمۆ ئەلیگری ڕاهێنەری یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی دووپاتی کردەوە کە ئێستا توانی یاریزانی شــوێنگرەوەی ئەستێرەی یانە زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ بدۆزێتەوە، ئەلیگری لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی کۆریری دیلۆ سپۆرتی ئیتالی گوتی: بەڵێ ئێستا دەتوانم بڵێم ئــەو یاریزانەم دۆزیەوە کە دەتوانێ شــوێنی یاریزان زلاتان پــڕ بکاتەوە لەکاتی دوورکەوتنەوەی بەهۆی سزادانی لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی ئیتاڵیاوە.

ئــەم لێدوانـــەی ئەلیگری ئاماژە پێکردنێك بوو بۆ ئەو ئاســـتە بەرزەی کە هەردوو یاریزان ستیڤان شـــەعراوی و ماکسی لۆپیز پێشکەشـــیان کرد لەیاری یانەی میلان بەرامبەر یانەی ئۆدینیزی کە توانیان یانەکەیان بەرەو سەرکەوتن ببەن بەتۆمارکردنی دوو گۆڵ بۆ یانەی میلان دوای ئەوەی یانەی ئۆدینیزی تا خولەکی ٧٦ بەگۆڵێك لەپێشەوە بوو.

## درێسی تازەی فیدرەر بۆ ڕۆلان گارۆس



یاریزان و ئەســـتێرەی بەناوبانگی سویســـری ڕۆجەر فیـــدرەر پۆلینکاری ســـێیەمی جیهان لەیاری تێنسی سەر زەوی ئەو درێسە تازەیەی ئاشکرا کرد کە یارییەکانی پاڵەوانییەتـــی ڕۆلان گارۆس پێ ئەنجام دەدات کە دووەمین پاڵەوانییەتی گراند سلامە لەســـاڵی ٢٠١٢ و یارییەکانی لەمانگی ئایاری داهاتوو لەشاری پاریس ئەنجام دەدرێت و تاکە پاڵەوانییەتی گەورەی جیهانە کـــە لەیاریگا لمییەکان بەڕێوە دەچێت، یاریزانە گـــەورەکان پەنا بۆ کۆمپانیا گەورەکان دەبەن بۆ دروستکردنی تازەترین شێواز و مۆدیلی جل و بەرگەکانیان، فیدرەر ئەمجارەیان دەگەڕێتەوە بۆ ڕەنگی ڕەش کە پێش چەند ســـاڵێك، دەیپۆشی بەڵام ئەمجارەیان بەتێکەڵاوی لەگەڵ ڕەنگێکی کراوە کە ڕەنگی ســـەوزە کە بەشێوەی خاڵ خاڵ لەســـەر درێس و شۆرتەکەی بەدیار دەکەوێت کە مارکەی کۆمپانیاکەی لەســـەرە، شایانی باسە سەرجەم کەل و وپەل و جلـــو بەرگەکانی یاریزان فیدرەر لەلایەن کۆمپانیای نایکی دروست دەکرێت.

## بـرانـدێـلی چ

چیزاری براندیلی ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئیتالیا بەهیوای ئەوەیە کە هەردوو یاریزانی هێرشبەر ئەنتۆنیۆ کەسانۆ لەیانەی میلان و جۆزیبی ڕۆسی لەیانەی ڤیاریال لەپێکانەکانیان چاك ببنەوەو بتوانن بەشداری لەیۆرۆی ٢٠١٢ بکەن، براندیلی ڕوونی کردەوە کە هەردوو یاریزان دەتوانن بەشداربن لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیتاڵیا لەیارییەکانی یۆرۆ ئەگەر هاتوو لەپێکانەکانیان چاك ببنەوە.

براندیلی بەسکای سپۆرتی ڕاگەیاند:

من بەهەردوو یاریزانم ڕاگەیاندووە کە من ئامادەم چاوەڕێی هەردووکیان بکەم تا دوا خولەك لەدوا ڕۆژدا، من بەخۆم دەچم بۆ ئیسپانیا بۆ بەسەرکردنەوەی ڕۆسی، هەروەها لەگەڵ کەسانۆ قسەم کردووە

# هیگواین: نازناوی لیگا لەژێر دەستمان دایە

گۆنزالۆ هیگواین هێرشبەری یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی پێیوایە نازناوی لیگای ئیسپانیا لەتیپەکەی نزیك دەبێتەوە دوای ئەوەی جیاوازی خاڵەکان لەگەڵ ڕکابەرەکەی یانەی بەرشلۆنە بۆ ١٠ خاڵ بەرز بۆوە، هیگواین لەلێدوانێکی دا بۆ ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی گوتی: ئێمە زۆر خۆشحاڵین، چونکە لەسەر ڕێگای ڕاست دەڕۆین بۆ لوتکە، ئێستا نازناوی لیگا لەژێر دەستی خۆمان دایە، بەڵام پێویستە تادوا ساتەکانی ئەم وەرزە بەم شێوازە بەردەوام بین.

لەبەرامبەردا ئەندۆنی زۆبیزارێتا بەڕێوەبەری تۆپی پێ لەیانەی بەرشلۆنە دووپاتی کردەوە کە نازناوی خولی ئیسپانیا لەتیپەکەی دووردەکەوێتەوە، بەڵام یاریزانەکان تا دوا کات هەوڵ دەدەن پارێزگاری لەنازناوەکە بکەن کە لەسێ وەرزی ڕابردوو بەدەستیان هێناوە.





# پێکهاتەی نموونەیی جامی ئەفریقیا ٢٠١٢

لەدوای تەواوبوونی یارییەکانی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا ٢٠١٢ کە تیایدا هەڵبژاردەی زامبیا بۆ یەکەمجار لەمێژوودا نازناوەکەی بەدەست هێنا دوای سەرکەوتنی بەلێدانی یەکلاکەرەوە بەسەر هەڵبژاردەی کۆتدیڤوار، یەکێتی تۆپی پێی ئەفریقیا پێکهاتەی نموونەیی ئەم پاڵەوانەتییەی ڕاگەیاند کە یاریزانانی زامبیا و کۆتدیڤوار زاڵ بوون بەسەر پێکهاتەکە کە بەم شێوەیە بوو:

گۆڵچی: کینیدی موینی (زامبیا)

بەرگری: جان جاك جۆسۆ (کۆتدیڤوار) — ستۆبیلا سۆنزۆ (زامبیا) — جۆن مینسا (غانا) — واداما تامبۆرا (مالی)

ناوەڕاست: ئیمانوێل مایۆکا (زامبیا) — یایا تۆرێ (کۆتدیڤوار) — جێرڤینهۆ (کۆتدیڤوار) — سیدۆ کیتا (مالی)

هێرشبەر: کریستۆفەر کاتۆنگۆ (زامبیا) — دیدی درۆگبا (کۆتدیڤوار)



# ...اوەڕێی کەسانۆ و ڕۆسی دەکات

و بەڵێنم پێداوە، بەدووری نازانم کە یاریزانی ژمارە ٢٤ بێت لەپێکهاتەکەمان، چونکە لەیارییەکانی پاڵاوتن ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو، دی ناتالی و بالۆتێلی تەواوکەری یەکترن، سەبارەت بەتۆتی من لەبیری خۆمم داناوە، دەمەوێ ستایشی دی ڕۆسی بکەم کە بڕیاری مانەوەی لەیانەی ڕۆما دا و لەخولی ئیتالیا بەردەوام دەبێت.

سەبارەت بەداهاتووی خۆی براندیلی گوتی: بۆندەکەم دوو ساڵی ماوە و لەدوای مۆندیالی ٢٠١٤ بەردەوام نابم، چونکە دەمەوێ لەگەڵ یانەیەکی دەرەوەی ئیتاڵیا کار بکەم.

ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال



## پێکهاتەی هەڵبژاردەی عێراق دەستنیشان کرا

وا بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە هەڵبژاردەی عێراق بەسەرپەرشتی ڕاهێنەری بەرازیلی زیکۆ یەکەم مەشق و ڕاهێنەری خۆی لەوڵاتی قەتەر دەستپێبکات بەمەبەستی خۆئامادەکردنی بۆ یاری داهاتووی هەڵبژاردەی عێراق لەیارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی جیهانی ٢٠١٢، کاتێك لە٢٩ی ئەم مانگە هەڵبژاردەی عێراق میوانداری هەڵبژاردەی سەنگافورە دەکات لەوڵاتی قەتەر، بۆ ئەم مەبستە زیکۆ بەفەرمی بانگهێشتی ٢٤ی یاریزانی بۆ ئەم ئۆردوگا مەشقیە کردووە لەنێو ئەم پێکهاتەیە چەند یاریزانێکی تازە بەدی دەکرێت، کە لەخولی بژاردەی عێراق یاری دەکەن.

یاریزانە بانگهێشتکراوەکان بۆ هەڵبژاردەی عێراق بەمشێوەیە.

(جەلال حەسەن، نور سەبری، محەمەد گاصد، عەلی حوسێن ڕەحێمە، سەلام شاکر، باسم عەباس، ساماڵ سەعید، محەمەد عەلی کەریم، حوسام کازم، قوسەی مونیر، موسەنا خالید، نەشئەت ئەکرەم، هەوار مەلا محەمەد، سەعد عەبدولئەمیر، مەهدی کەریم، عیماد محەمەد، کەرار جاسم، یونس مەحمود، مستەفا کەریم، ئەحمەد ئیبراهیم، وەلید بەحر، لوئەی سەڵاح، عەلی سەڵاح، ئیبراهیم کامل).

## راهێنەرانی کوردستان بەسەرکەوتووی

هەفتەی ڕابردوو لەشاری ئیستەنبول لەوڵاتی تورکیا کۆتایی بەخولی مەشق و ڕاهێنانی ڕاهێنەرەکانی خولی پلە یەکەکانی کوردستان هات، کە ماوەی ٧ ڕۆژی خایاند بەسەرپەرشتی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان.

لەڕۆژی کۆتایی ئەم خولەدا ڕاهێنەران ڕاپۆرتی کۆتایی خۆیان پێشکەش کرد لەسەر چۆنێتی تێگەیشتنیان لەوانەکان و چەند وتارێك لەلایەن نوێنەری وەرزشکاران لەشارەوانی بایکۆزی شاری ئیستەنبولی تورکیا و موختاری گوندی ڕیڤا و سەرۆکی شاندی ڕاهێنەرانی کوردستان و نوێنەری ڕاهێنەران و پێشکەشکردنی چەند دیارییەکی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان، خولەکە کۆتاییهات.

شایەنی باسە خولی ڕاهێنەرانی کوردستان وانەکانی بەچوار ڕۆژ بەتیۆری و پراکتیکی لەهۆڵی هۆتێل Legend و یاریگای یانەی ڕیڤا لەناوچەی بایکۆز بەبەشداری ٢٣ ڕاهێنەری شارەکانی کوردستان لەلایەن وانەبێژی تورکی نەجات گورپینار-ەوە پێشکەشکران.

لەلێدوانێکی تایبەتدا سەنگەر زرار ڕۆژنامەنووسی وەرزشی یاوەری شاندەکە گوتی: لەڕۆژی کۆتایی خولەکەدا شاندی ڕاهێنەرانی کوردستان گەشتێکیان بۆ یاریگای تورك تیلیکۆم ئەرینا لەناوچەی سیسلی ئیستەنبول بۆ ڕێکخرا کەیاریگای نوێی یانەی گەڵاتەسەرای تورکییە و لەوێ لەلایەن بەڕێوەبەری



## قۆناغی دووەمی خولی نایابی باڵەی عێراق لەهەولێر دەبێت



# ـــــی کۆتاییان بەخولەکەی تورکیا هێنا

یاریگاکە پێشـــوازی کران و دیارییەکی بچووکی یانەکەی پێشکەشی تەواوی ئەندامانی شاندەکە کرد و دواجاریش بەشەکانی یاریگاکەیان بەسەرکردەوە.

دواتر سەعدی غەریب سەرۆکی شاندی ڕاهێنەرانی کوردستان لەلێدوانێکی تایبەتدا ســەبارەت بەم خولە گوتی: ئێمــە وەك یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردســـتان هیچ درێخییەکمـــان بۆ ڕاهێنەرانی خۆمان نەکـــردووە و ئەوەی لەتوانامانـــدا بووە بۆمان کردوون و بەشـــبەحاڵی خۆم زۆر زۆر لەڕاهێنەرەکان ڕازیـــم و لە هەمووشـــی گرنگتر ئەوەیـــە کە خولەکەمان بەســـەرکەوتوویی تەواوکرد.

دواتـــر مەحمـــود نورەدین ڕێکخەر و سەرپەرشـــتیاری ئـــەم خولە گوتی: بڕوانامەکان ئامادەن و کە گەڕاینەوە کوردستان بەڕاهێنەرەکان دەدرێت، نورەدین هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە جگە لەواژۆی وانەبێژ و سەرپەرشتیار و ئەو لایەنەی بڕوانامەکە دەدات، دەبێت سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستانیش واژۆ لەسەر بڕوانامەکە بکات ئەوکاتە دەدرێت بەڕاهێنەرانی بەشداربوو.

لەکۆتاییدا وانەبێـــژی خولەکە نەجات گورپینار گوتی: ڕاهێنەرەکان خراپ نین و باشن، خۆیان حەز دەکەن و خواست و ویستی ئەوەیان هەیە و پەرۆشن بۆ ئەوەی فێری شتی زیاتر ببن و پەرە بەخۆیان بدەن، بەڵام بەگشتی پێویستییان بەخولی زیاترە تائاستیان بەرزتربێت.



یەکێتی تۆپی باڵەی عێراقی بڕیاری دا لە٢٤ی ئەم مانگە لەشـــاری هەولێـــر، یارییەکانـــی قۆناغی دووەمی خولی نایابـــی باڵەی یانەکانی عێراق ئەنجام بدرێت. فازڵ حوســـێن ســـکرتێری یەکێتی ناوەندی باڵەی عێراقی ئەوەی ئاشکرا کرد «کە هەریەك لەشارەکانی هەولێر و ناسرییە یارییەکانی قۆناغی دووەم لەباوەش بگرێت. یارییەکانی یانەکانی باکوور لەشـــاری هەولێر و یارییەکانی یانەکانی باشووریش لەشاری ناسرییە بەڕێوە دەچن. فازڵ ئەوەشی ڕاگەیاند کە لەڕۆژی هەینی داهاتوو بەبەشداری هەریەك لەیانەکانی (هەولێر، ئەکاد، پێشمەرگەی سلێمانی، شەقڵاوە، شورتە، مەسافی، حەبانیە) ئەنجام دەدرێت، لەشـــاری ناســـرییەش لـــە٢٩ی ئەم مانگە یارییەکان بەبەشـــداری هەریەك لەیانەکانی (ســـناعە، بەحری، ئەنبار، غـــازی جنوب، غراف، کوفـــە، دغارە) ئەنجام دەدرێـــت، یارییەکانی هەردوو کۆمەڵەش بەشێوازی خولێکی دوو قۆناغی ئەنجام دەدرێت. لەهـــەر کۆمەڵەیـــەك ٣ یانە بەســـەردەکەوێت، بەکۆی هەر شـــەش یانەکە یارییەکانی کۆتایی ئەنجام دەدەن.

# بیکنباوەر ڕەخنە ئاڕاستەی ڕۆبن دەکات

ئەفسانەی تۆپی پێی ئەڵمانی فرانز بیکنباوەر سەرۆکی شانازی یانەی بایەرن میونیخ بەردەوامە لەهێرشەکانی بۆ یاریزانی هۆڵەندی ئاریین ڕۆبن و دووپاتیکردەوە کە بەخۆویســـتی یاری دەکات لەگەڵ یانەی هەرێمی بەڤاریا، بیکنباوەر لەچاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کەناڵی ســـکای ســـپۆرت گوتی: ڕۆبن یاریزانێکی خۆویســـتە وەك هەندێك یاریزانی هاوشـــێوەی خۆی، دەتوانین ئـــەوە بەزەقی ببینین کاتێك گۆڵ تۆمار دەکات، ڕۆبن ناچێتە لای ئەو یاریزانەی کە گۆڵی بۆ دروست کردووە، بەڵکو بۆ لای پەیژەکان ڕادەکات بۆ سوپاسکردن و سڵاوکردن لەخێزانەکەی.

بیکنبـــاوەر هەروەهـــا گوتی: کاتێك دێت کـــە هاوڕێکانی ڕۆبن ڕازی نابن پاســـی پێ بدەن و پێی دەڵێـــن ئەگەر دان بەیارمەتی ئێمە دانەنێی لەدروســـتکردنی گۆڵەکانی تۆ، پێویستە خۆت بێیت و تۆپەکە بۆ خۆت ببەیت، پێویستە بیر لەبەرژەوەندی تیپەکەمان بکەینەوە نەك لەبەرژەوەندی یاریزانەکان.

شـــایانی باســـە یاریزان ڕۆبن لەم وەرزەدا پێنج گۆڵی بۆ یانەی بایەرن میونیـــخ تۆمارکردووە و لەزۆربـــەی یارییەکان بەشداری نەکـــردووە بەهۆی ئـــەو پێکانانەی کە تووشی هاتبوو.

